# ئەرێ بە ڕاست نەتەوەییبوون عەیبەیە؟!

مەهاباد کوردی، ستۆکهۆڵم ٦-٥-٢٠٠٣

بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەوە بڵێم من بە وردی و ڕۆژانە بابەتە بڵاوکراوەکانیماڵپەڕی کوردستان نێت و چەندین ماڵپەڕی دیکەش دەخوێنمەوە. دیسان هەر ڕۆژانە گەلێ لەو بابەتانە لەسەر CD تۆمار دەکەم و وەک ئەرشیف لای خۆم دەیانهێڵمەوە. دیارە زۆر لەو بابەتانەش کە ئەمڕۆ دەنووسرێن، کێ ناڵێ سبەینێ نابن بە سەرچاوە و، کەم تا زۆر، سوود و بایەخی خۆشیان نابێ.
دوای ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی ـ حککع، نامە و بەیان و بڵاوکراوەیان لەمەڕ موجاهیدینی خەلق و باری نێو شاری کەرکووکی کوردستان و هەندێ مەسەلەی تر، بۆ ئەملا و ئەولا نارد و بڵاو کردەوە. ئەوەبوو وەک بینیمان ئەم کارانەی (کۆمۆنیستە کوردە کرێکارییە عێراقییەکان) بێ وەرام نەمانەوە و لێرە و لەوێش پرسیارگەلێک ڕووبەڕووی هەڵوێستەکانی حیزبی ناوهاتوو کرانەوە. هەڵبەت ماڵپەڕی کوردستان نێت بەشی شێری ئەم وەرام و وەرامدانەوە و نووسینانەی وەبەر کەوت. بێگومان کوردستان نێت ئازادە لە چۆنیەتی کارکردن و هەڵبژاردنی میتۆدی تایبەت بە کار و خەباتی خۆی. دیارە ئەمەیان مەسەلەیەکە چ قسەیەکی لەسەر نییە. لە هەمان کاتیشدا لایەنگران و ئەندامانی حککع سەربەستن لەوەی چۆن بیر دەکەنەوە و چیان دەوێت و ناوێت، بەڵام دەبێ بە دڵفراوانییەکی یەکجار زۆریشەوە گازاندە و ڕەخنە و گلەییەکانی ئەندامانی نەتەوەی کوردی بندەستیشیان قەبووڵ بێت. گەلی خوێنەر ئێوە دەڵێن چی؟!
ئەوەی کە زیاتر پاڵی پێوەنام تا ئەم چەند دێرانە بنووسم، ڕەنگدانەوەی شتێک بوو لە زۆربەی نووسین و بڵاوکراوەکانی (حککع) دا، ئەویش مەسەلەی هێرشکردنە سەر هەر بیرێکی نەتەوەیی کوردی و وەڵاتپارێزی و کوردستانییە، کە بە داخەوە قەت نەدەبوو و نابێ وا بە ئاسانی لە لایەن کەسانێک، وەها بە سووکی سەیر بکرێن، کەسانێ کە خۆیان بە کورد بزانن و داوای ڕیفراندۆمیش بۆ کوردستان بکەن؟!
کەسانێکی سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی کە شتێ بڵاو دەکەنەوە، هەر دەڵێی خوویان بەوە گرتووە یەکسەر بێ سێ و دوو کردن قاچی (ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد) بگرن و، نەتەوەی گەورە و گرانی کوردیش بە (خەڵکی کوردستان) ناو ببەن. ئەمە بووەتە یەک لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی ئەو قسە و باس و نووسینانەی کە لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حککع دەنووسرێن و دەگوترێن. بە کورتی شتەکە لە بێتامیش بێتامتر بووە.
جارێ ئەوانەی کە ئەوان بە (ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد) ناویان دەبەن، ماڵم قەبرە، هەر شتێکیان لێ دەوەشێتەوە تەنیا ئەم پێناسەیەی حککع نەبێ. حیزبگەلێک کە لەسەر سووتاندنی ئاڵای دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان، خۆیان و سەرانیان، بە هاووڵاتییان و هاوزمانانی خۆیان بڵێن: بێ ئەخلاق، گێرەشێوێن، ئاژاوەگێڕ و نازانم چی و چی تریش، ڕەنگە پێناسەیەکی (ناسیۆنالیست) یان نەک هەر بە ڕاست بۆ دەرنەچێت، بگرە کێ ناڵێ بەم جۆرە پێناسەکردنە تووڕەش نابن؟! هەر بۆ ئاگاداری حککع، چ ینک و چ پدک، ئامادەی ئەوەش نەبوونە ڕێ بە کردنەوەی دام و دەزگای نەتەوەیی، لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان بدەن، کەچی لە

کاتێکدا بە دەیان دەزگا و سازیی گومانلێکراو لە کوردستان تەراتێن دەکەن. دیارە پێویستمان بە هێنانەوەی نموونە نییە، چونکە شتەکان خویا و ئاشکران.

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە پێمخۆشە بڵێم گەلی برادەرینە: خۆ نەتەوەییبوون و خۆشویستنی نیشتمان و خۆ بەقوربانیکردنی نەتەوە و خاک، نەتەوە و خاکێکی بندەستیش!، کارێ نییە مایەی شەرمەزاری و شتێکی عەیبەش بێ. جا نازانم ئێوە بۆ ئەوەندە ڕکتان لە (بزووتنەوەی کوردایەتی) و (ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی) یە؟! دەزانم پێمدەڵێن: کاکە وا نییە، ئێمە تەنانەت داوای جیابوونەوەی کوردستانیش دەکەین. منیش ناچارم پێتان بڵێم: بەر لەوەی داوای ڕیفراندۆم بۆ گەلی کوردستان بکەن، هەرنا بۆ خۆتان زۆر چاکتر دەبێ، ئەگەر دەستبەرداری ئەو عێراقچێتییە بن کە بە شێوەیەکی تا بڵێی بێ مانا داکۆکی لێ دەکەن. من نازانم بۆ دەبێ تەنیا لەناو کورددا، (کۆمۆنیست) ی بە ڕەگەز کورد، عێراقی، سووریایی، تورکیایی و ئێرانی بێ، بەڵام نابێ (کوردستانی) بێ؟! ئەی بۆ دەبێ (ئیسلامی) ی کورد خۆی بە کورددا بتەقێنێتەوە نەک بە دوژمنی نەتەوە و زێد و وارەکەی خۆی؟! ئەو کوردانەی کە لە ڕیزەکانی (حیزبی شیوعی عێراقی ـ حشع) دا کاریان دەکرد، گەیشتن بە چڵەپۆپەی سەرکردایەتی لەناویدا، نزیکەی پەنجا ساڵێکیان پێویست بوو تا بە خۆیاندا بچنەوە و، بشگەڕێنەوە نێو باوەشی گەل و وڵاتی خۆیان. هەرچی برادەرانی هەردوو حیزبە کرێکارییە کۆمۆنیستییە ئێرانی و عێراقییەکەن، کە بێگومان ئەگەر هەمووشیان کورد نەبن خۆ زۆربەیان هەون، بۆچی نابێ واز لەو حیکمەتە بێ حیکمەتە (عێراقی و ئێرانی) یە بێنن؟! تۆ بڵێی نهێنییەک لە پشت ئەم کارەوە نەبێ؟!

کەرکووک کە شارێکی کوردستانییە، بە ماوەیەکی کەم بەر لە ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی سەددامیش، لە لایەن بەعسەوە کوردی لێ وەدەر دەنرا. ئەمە شتێک نییە بشاردرێتەوە یان خۆی لێ گێل بکرێت. ئەو شارە کوردستانییە تا هەنووکە بە دەیان هەزار کوردی، لە ماوەی حوکمی ڕژێم و دەسەڵاتە جیا جیاکانی نەتەوەی سەردەستی عەرەب، لێ دەرکراوە. هەر لەبەر هەندێ کەسانێ کە لە دەستپێکدا ماڵ و حاڵیان لێ زەوت کرابێ و ئینجا بە داری زۆر شاربەدەر کرابن، ئێستا جێی خۆیەتی و کارێکی گەلێ سرووشتی و ڕەوا و نیشتمانی و نەتەوایەتی و لە هەمان کاتیشدا ئەوپەڕی دادپەروەرێتییە، ئەگەر ئەمڕۆ بیانەوێ، کە بێگومان دەیانەوێ، بگەڕێنەوە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان. ئەمە مەسەلەیەکە نە دەبێ قسەی لەسەر هەبێ و نە دەشبێ سازشی لەسەر بکرێ. هەر ڕێکخراو و لایەنێکی کوردیش کە بیانەوێ سازش لەسەر کوردستانێتی کەرکووک و جوگرافیای کوردستان بکەن، هیچ گومان لەوەدا نییە دەکەونە بەر نەفرەتی ئەندامانی نەتەوەی ئازادیخوازی کورد و ئەو خەڵکانەی کە هەر لەبەر (کوردبوون) لە شوێنەکانی خۆیان کۆچیان پێ کراوە و دەرکراون. هەندێ جار لایەنگرانی حککع کە باس لە کەرکووک دەکەن وەک (شارێکی ئینسانی) ناوی دەبەن. بە ڕاستی ئەمە پێناسەیەکی تا بڵێی نوێیە و مەگەر تەنیا لە فەرهەنگی سیاسی ئەو حیزبەشدا جێگای ببێتەوە. هۆ گەلی برادەرینە خۆ ئێمەش دەزانین دەنێو شاری کەرکووکدا مرۆڤ هەن مرۆڤ! بەڵام لەوە گرنگتر نابێ ئەو مرۆڤە بندەست و هەژار و لێقەوماو و زەحمەتکێش و چەوساوە و شاربەدەرکراوانەمان لە یاد بچێ، کە وەک پێشتریش گوتم هەر لەبەر پێناسەی نەتەوایەتییان، لەم شارەی کوردستان وەدەریان ناون.

www.kurdistannet.org
28-5-2003 0:50
تاوانكارييەكانی گرووپی تیرۆریستی موجاهیدینی خەلق لە هەمبەر گەلی ڕاپەڕیوی كوردستان لە بەهاری ١٩٩١، ئەگەر هەر كەسێ بە خۆی بڵێ كورد و تۆزێكیش كەرامەتی نەتەوەیی شک ببا، نابێ لەبیریان بكات. من كە بۆ خۆم زیاتر لەم ئەورووپایە ناوی (موجاهیدینی خەلق) م بیستووە و زانیاریم لەسەریان پەیدا كردووە، لە دوو بۆنەی تایبەتیدا وەک دەڵێن لووتم وە لووتی (هەوادارانی موجاهیدین) كەوتووە. بە خراپی نابینم لێرە وەک شتێكی سادە، لێ لە بنەڕەتدا واتادار، باسیان لێوە بكەم. یەكەمیان: لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ كە تازە لە ڕێی UN لە پاكستانەوە هاتبوومە سوێد، لە كەمپی پەنابەرانی شارۆچكەی (سوورەهامار) ی نزیک شاری ڤێستروس گیرسامەوە. دیارە لەو شوێنەدا خەڵكانێكی تری بێگانەش هەبوون. بەرپرسێكی كەمپەكە منی ناردە لای كوڕە گەنجێكی فارس تا بەیەكەوە لە خانوویێكدا گوزەران بكەین. كابرای فارسیش تازە هاتبووە سوێد و وەک من پەنابەر بوو. ئەو (هەواداری موجاهیدین) ە هەر كە زانی من كوردم و دڵیشم بۆ كوردستان لێ دەدات، دوو ڕۆژی پێ نەچوو بەر دەرگای لە كاكی بەرپرسی كەمپەكە گرت و گوتی: من كە كابرایەكی سیاسیم نامەوێ لەگەڵ كوردێک لە یەک خانوودا بژیم! ئیتر ئەوەبوو، بێ خواحافیزیكردن لەو فارسە شۆڤێنییە، منیان بۆ شوێنێكی تر گواستەوە. من كە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕمەوە، ئەوسا و ئێستاش، هەست دەكەم سووكایەتی بە خۆم و نەتەوە و خاكەكەم كراوە. كەسانێ كە شایەدی ئەم بەسەرهاتەن هێشتا لە سوێدن و، وەک خۆشم دانیشتووی ستۆكهۆڵمن. دووەمیان: چەند ساڵ بەر لە ئێستا موجاهیدینی خەلق لە (شیستەسەنترووم) ی ستۆكهۆڵم شیرینییان دەبەخشییەوە و بەزم و سەمایان بوو. لە بیرم نەماوە چ بۆنەیەكی تایبەت بە خۆیان هەبوو. ئەوەی كە زیاتر سەرنجی منی بۆ خۆی ڕاكێشا، دیمەنی ئەو كچە كوردە بوو كە بە جل و بەرگی نەتەوایەتی خۆیەوە سینییەكی پڕ لە چوكلێتی بە دەستەوە بوو. من كە ئەم كچە كوردەم بینی، بە دەست خۆم نەبوو یەكسەر لێی چوومە پێش و لێم پرسی: تۆ دەزانی موجاهیدینی خەلق لە ساڵی ١٩٩١ چیان بە كورد كرد؟ یەكێ لەو ژنە فارسە موجاهیدانەی كە گوێی لە مشتومڕەكەی ئێمە بوو، هەڵبەت لە ڕێی كچە كوردەكەوە بە منی گوت: ئەمانەی تۆ باسی دەكەیت هەر هەموویان پڕوپاگەندە و درۆن. گفتوگۆكەمان هەتا دەهات هەر توندتر دەبوو. ئەگەر ئەو ژنە فارسە ڕەگەزپەرستە هێز و توانایەكی شک بردبا، بڕوا بكەن، من و كچە كوردەكەی سەر بە خۆشیانی بە ساغی قووت دەدا!

ئەم دوو نموونەیە یا بەسەرهاتە یان هەر ناوێكی دیكەی لێ دەنێن، لە سووكایەتیكردن بە كورد و دۆزە ڕەواكەی زیاتر شتێكی دیكە نین. جا لە وەها بارێكدا حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقی و سەرگەورەكەی كە بۆ داكۆكیكردن لە مافی (ئینسان) یانەی موجاهیدینی خەلق و خەمخۆریشیان لە ڕەوشی نالەباری ناو شاری كەركووک، بەر لەوەی دەستیان كردبا بە نامە ناردن بۆ (كۆفی عەنان) یكی هیچ لە دەست نەهاتوو، گەلێ پێویست بوو لاچاوێكیشیان لە مافی (ئینسان) یانەی ئەو (ئینسان) ە كوردانەش كردبا كە بوون بە قوربانی سیاسەتە دڕندانەكەی موجاهیدینی خەلق. ئایا حككع ئاگای لەوە نییە كە تەنانەت كەسانێک لەناو خودی ڕێكخراوی موجاهیدین، هەر لەبەر ئەم كردەوە قڕێژ و دژ بە مرۆڤانەیان، چەند ساڵێكە وازیان لەو ڕێكخراوە هێناوە و، هەندێ جاریش لە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام داون؟!

موجاهیدینی خەلق کە جاشی بەوەفای سەددام حوسێن بوون، زۆر ئاساییە کە ببن بە جاشی ئەمەریکا و ئەم و ئەویش، باجێ کە ئێستا بیدەن، تەنیا پەیوەندی بەو سیاسەتە چەوت و ناحەزەوە هەیە کە لە بەرامبەر دانیشتووانی عێراق بە گشتی و جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستانیش بە تایبەتی گرتبوویانە بەر. ئەمە ڕاستییەکە و کەسیش نابێ نکۆڵی لێ بکات. هەروەها ئەم لێکدانەوەیە بەتەنێ ڕێکخراوی ناوهاتوو ناگرێتەوە، بگرە بۆ کەسان و لایەنگەلێکی دیکەش ڕاست دەردەچێت.

کوردبوون شەرم نییە. خۆشەویستی مرۆڤیش بۆ نەتەوە و نیشتمان ئەوپەڕی سەربەرزییە. خۆبەستنەوە بە هەر دەوڵەت و نەتەوەیەکی داگیرکەر و سەردەستی کوردستانیش نەک هەر شەرمەزارییە و بەس، بەڵکو جۆرێکە لە خۆ بە بچووک دیتن و ناپاکیکردن لە دۆزی پیرۆز و ڕەوای نەتەوە و خاک.

وەک دوا وتەشم دەڵێم:

| |
|---|
| ئەگەر لەسەر ئەم نووسینەش بە (ناسیۆنالیستێکی کۆنەپەرست) م لە قەڵەم دەدەن، بە شانازییەوە دەمخۆشیتان لێ دەکەم و پێشتان دەڵێم: دەک هەزار جار ئەم کارەتان لێ پیرۆز بێ!! mehabadk@hotmail.com |

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org